مەکتەبی سیاسی یەکێتیی: ئاڵای کوردستان هەمای خۆڕاگری و یەکێتی گەلەکەمانە



مەکتەبی سیاسی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بە ڕۆژی ئالای کوردستان پەیامێکی بڵاوکردەوە و ڕایگەیاند: "لە پەناو شکانەوەی ئەم ئاڵایدا، پێویستە هەموو لایەنە سیاسییەکان و خەڵکی کوردستان لەدەوری ئامانجە باڵاکان و بەرژەوەندییە گشتییەکان هاودەنگ و هاوهێویستنبن، تا بە یەکێتی و یەکگرتوویی پارێزگاری لە ئەزمون و قۆناغی هەرەم بکەین".

مەکتەبی سیاسی یەکێتیی لەپەیامەکەیدا وتیشی" 17 دیسەمبەری هەموو ساڵێك ڕۆژی شکانەوەی ئاڵای کوردستانە، لەم ڕۆژە شکۆمەندە سەری ڕێز و وەفا دادەنوێنین لە ئاست گەکەی هەموو شەهیدانی کورد و کوردستان، ئەوانەی لەپەناو بەرز ڕاگرتنی ئەم ئاڵا پیرۆزە گیانی خۆیان کردە قوربانی، سەاوی ئەمەك و وەفاداری دەنێرین بە هەموو پێشمەرگەی کوردستان و زیندانی سیاسی و تەکۆشەرانی کوردستان".